# سکرتێری حزبی ڕزگاری سەردانی پارتی نەتەوەیی کوردستان دەکات



کاتژمێر 11ی ڕۆژی چوارشەممە 2010-9-15، هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد، سکرتێری گشتی حزبمان، حزبی ڕزگاریی کوردستان، سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی نەتەوەیی کوردستانی کرد لە شاری سلێمانی و لەلایەن کاک جەبار میرزا ڕۆستەمی سکرتێری گشتی پارتی نەتەوەیی بەگەرمیەوە پێشوازی لێکرا، ئەوسا لە دیدارێکدا باس لە ڕەوشی هەنووکەیی کوردستان و گۆرانکاریەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان کرا و پێوندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان جەختی لەسەر کرایەوە، هەردوولا هیوایان خواست کە ڕیزەکانی کوردستانیان پارێزراوو یەکگرتوو بێت.

لەتەوەرێکی دیکەدا باس لە پێوەندی نێوان حزبەکان و حکومەتی هەرێم کرا، سەبارەت بە بودجەی حزبە کوردستانیەکان بیروڕا ئاڵوگۆڕکرا، هەردوولا هیوایان خواست کە ئیتر بەپێی یاسا بودجەی حزبە مۆڵەتپێدراوەکان ڕێکبخرێ و ئەو جیاوازیە کۆتا بکرێ کە پێشتر پەیڕەوی لێکراوە.

هەروەها لە درێژەی دیدارەکەدا باس لە ئەگەرو گرفتەکانی بەردەم پێکهێنانی حکومەتی نوێی بەغداد کرا کە ماوەی شەش مانگە ناکام ماوەتەوە، هیوایان خواست کە کە ئیئتلافی فراکسیۆنی کوردستانی لە دانوستاندنەکانی داهاتوودا کە بۆ ئەو مەبەستە بەڕێوەدەچێ، چالاکانەتر ڕۆڵ بنوێنن.

# ڕاگەیاندراوی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی

کاتژمێر13ی ڕۆژی 2010-9-3 بەمەبەستی تاوتوێکردنی ڕەوشی ناوخۆیی حزب و باشووری کوردستان و عێراق، مەکتەبی سیاسی حزبی ڕزگاری کۆبۆوە. سەرەتای کۆبوونەوە بەخولەکێک ڕاوەستانی بێدەنگ دەستی پێکرد، دواتر ڕۆژەڤی کۆبوونەوە خرایەڕوو، کە لە سێ تەوەری (ڕەوشی ناوخۆیی حزب، ڕەوشی هەنووکەیی باشوری کوردستان و ڕەوشی ئێستای عێراق) پێکهاتبوو.

لە دەستپێکدا هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد، سکرتێری گشتی وردەکاریەکانی بۆ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ڕوونکردەوەو شرۆڤەێکی تایبەتی بۆ ڕەوشەکە کرد، دواتر هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی لێکدانەوەو سەرنج و پێشنیارەکانی خۆیان پێشکەش کرد، سەرەنجام چەندین بڕیاری گرنگ و پێویست وەرگیران.

مەکتەبی سیاسی لەبەرانبەر هەڵوێستی وەزارەتی ناوەخۆی حکومەتی هەرێم بۆ ڕاگرتنی بودجەی حزب نیگەرانی خۆی پێشاندا، چونکە ئەو بودجەیەی کە ساڵی 1999 بۆ حزبی ڕزگاریی کوردستان بڕیاری لەسەر دراوەو لە ساڵانی ڕابردوودا پێیدراوە لە دوورو نزیکەوە پەیوەندی بەو کەسە نیە کە ساڵی 1994 تەنیا چەند مانگێک لە ڕیزەکانی حزبی ڕزگاری دابووەو هەمان ساڵیش ڕیزەکانی حزبی ڕزگاری جێهێشتووە، واتە شازدە ساڵە ئەو کەسە لە حزب دابڕاوەوە هیچ پەیوەندییێکی بە حزبی ڕزگاری نەماوە، کەچی ئێستا وەزارەتی ناوەخۆ لاگیری لەو کەسە دەکات و بەوبیانوێیەوە بودجەی حزبی ڕزگاری ڕادەگرێت ئەمەش لاگیری کردن و دەستێوەردانێکی ئاشکرایە و حزبی ڕزگاری ڕەتی دەکاتەوە.

کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی تۆپبارانکردنی گوندو ئاواییەکانی باشووری کوردستان لەلایەن تۆپخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و سوپای تورکیا بە توندی ڕیسوا دەکات و دەخوازێ کە حکومەتی هەرێم هەڵوێستی ئاشکرا بنوێنێ و هاوکاری خێراش پێشکەش بە ئاوارەکان بکات. هەروەها مەکتەبی سیاسی نیگەرانی خۆی لەبەرانبەر ئەوشاڵاوە دەربڕی کە هەندێک کەس و لایەن دژ بە مێدیای ئازادو بڵاوکراوە سەربەخۆکان بەڕێوەی دەبەن، هیوای خواست کە سەردەمیانە ڕەفتار لەگەڵ دەنگی ئازادو ڕامانی ئازاد بکرێ.

مەکتەبی سیاسی پێیوایە ناکام مانەوەی لیستەبراوەکان لە پێکهێنانی کابینەی نوێ عێراق، بەتایبەتیش لەسەر کاندیدکردنی کەسێک بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران، ئەو ڕاستیە ئاشکرا دەکات کە ناکۆکی و بێ متمانەیی لەنێوان پێکهاتەکانی عێراقدا هەیە و ئاسۆی عێراقێکی یەکگرتوو ناڕۆشن و تەماویە، هەر لەو پێوەندەشدا مەکتەبی سیاسی دەخوازێ کە فراکسیۆنی کوردستانی پێداگری لەسەر ئەو مەرجانەدا بکاتەوە کە بەرژەوەندی باڵای کوردستانیان دەپارێزن و بەو بەڵێنانەوە پێبەندبن کە لەسەرو بەندی هەڵبژاردندا بە خەڵک و بە دەنگدەرانیان دابوو. هەروەها مەکتەبی سیاسی جەختی کردووە کە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرکۆماری لەلایەن ڕێزدار سەرۆک تاڵەبانی پێگەی کوردستانیان لە حکومەتی ناوەندیدا بەهێز دەکات، بۆیە نابێ بەهیچ شێوەیەک سازشی لەسەردا بکرێ.

لەکۆتاییدا کۆبوونەوەدا، مەکتەبی سیاسی سوپاس و پێزانینی خۆی پێشکەش بەو کادرو ئەندامانەی حزب کرد کە لەخۆبردوانەو بێ بەرانبەر درێژە بەکارو چالاکی حزب دەدەن، دڵسۆزانە و لێبڕاوانە کاروانی ڕزگاری بەرەو پێشەوە تاو دەدەن.

سەرکەوێ خەبات لەپێناو نیشتمانێکی سەربەخۆو کۆمەڵێکی بەختەوەر

**مەکتەبی سیاسی**
**حزبی ڕزگاریی کوردستان**
2010-9-5

# نامەیەکی کراوە سەبارەت بە ڕاگەیاندنی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەتیرۆرکردنی ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان

لەکاتێکدا هەمو خەڵکی کوردستان بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەنجامی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە تیرۆکردنی سەردەشت عوسمانیان دەکرد، بەو پێیەی تاڕادەیەکی زۆر لەناو ڕای گشتیدا کەیسەکە بەکەیسی تیرۆرکردن لەسەر ئازادی بیروڕاو ڕادەربڕین ناسرابو، ئێستا ئەنجامە بەرایەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو وا پێشان دەدەن کە جوانەمەرگ جۆرێک لەجۆرەکان پەیوەندی بە "ڕێکخراوێکی تیرۆریستیەوە" هەبووە هەر لەبەر ئەوە تیرۆرکراوە.

ئەم ئەنجامە بەرایيە نوسەرانو ڕای گشتی خەڵکی کوردستانی توشی شۆکردو گومانی لەسەر دۆسیەی لێکۆڵینەوەکە خەستتر کردوە، لەکاتێکدا ڕای گشتی کوردستان سەردەشت عوسمانی وەک شەهیدی قەڵەم و بیروڕا ناسی، کەچی ئێستا ئەنجامە بەرایيەکانی لیژنەکە، ئەم قوتابی و ڕۆژنامەنوسە شەهیدەی لە قوربانییەوە کرد بەوەی کە گومانی تێوەگلانی لە گروپێکی تیرۆریستیەوە لێبکرێت. ئەو ئەنجامە بەراییانە دەمانخاتە بەردەم ئەوەی بەپێویستی بزانین کە داوا بکەین:

یەکەم: ڕای گشتی خەڵکی کوردستان لەسەرجەم لێکۆڵینەوەو بەڵگەکان لەڕێگای میدیاکانەوە بەشێوەیەکی ڕاستەخۆو شەفاف بەئامادەبونی نوێنەرانی کەناڵەکان بڵاوبکرێنەوە.

دوەم: هەرچەندە ئێمە نامەنەوێت پێش ڕوداوەکان بکەوین و دەستلەکاروباری لێکۆڵینەوەکان وەردەین، هاوکات ناشمانەوێت کەیسێکی گرنگی ئەوەها کە چەند مانگێکە مایەی گرنگی پێدانی ڕای گشتی کوردستانو چاودێرانی ناوەوەو دەرەوەیە، بە ئاقارێکدا ببرێت کە گومان زیاتر بکاتو ویژدانی خانەوادەو خەڵکی کوردستان ئازار بدات.

سێهەم: ئێمە پێمان وایە لێڵیو ناڕۆشنیی ڕاپۆرتەکە کاریگەریی خراپی هەیە لەسەر سەربەخۆیيو سەروەریی یاساو بەڕێوەچونی لێکۆڵینەوەیەکی شەفافو تەندروست، ئەمەش لەئەنجامدا پێچەوانە دەوەستێتەوە لەگەڵ ڕەوتی بەرەوپێشچونی دیموکراسیەتو مافی مرۆڤو ئازادی ڕادەربڕین لەکوردستاندا

.

**ناوی ئەوانەی ئیمزایان کردوە:**

1- د. ڕەفیق سابیر پەرلەمانتار
2- جەوهەر نامیق سیاسەتمەدار
3- شێرکۆ بێکەس شاعیر
4- ئاسۆس هەردی نوسەر و ڕۆژنامەنوس
5- شوان محەمەد ڕۆژنامەنوس
6- ئەحمەد میرە ڕۆژنامەنوس
7-کەمال ڕەئوف ڕۆژنامەنوس
8- شێرزاد حەسەن نوسەر و ڕۆشنبیر
9- ڕەحمان غەریب ڕۆژنامەنوس
10- هەڤاڵ ئەبوبەکر نوسەر و مامۆستای زانکۆ
11- ڕێبین هەردی نوسەر
12- فایەق گوڵپی سیاسەتمەدار
13- ڕەئوف بێگەرد نوسەر
14- کامەران مەنتک نوسەر و مامۆستای زانکۆ
15- فەتاح زاخۆیی سیاسەتمەدار
16- سمکۆ محەمەد ڕۆژنامەنوس
17- ڕوناک فەرەج هەڵسوراوی بواری ژنان
18- کاژاو جەمال ڕۆژنامەنوس
19- سەردار محەمەد ڕۆژنامەنوس
20- ئازاد سوبحی نوسەرو ڕۆژنامەنوس
21- ئاڵا لەتیف ڕۆژنامەنوس
22- وریا حەمە تاهیر ڕۆژنامەنوس
23- نەبەز گۆران ڕۆژنامەنوس
24- هێمن باقر ڕۆژنامەنوس
25- ئیدریس عومەر ڕۆژنامەنوس
26- شۆڕش خالید ڕۆژنامەنوس
27- شۆڕش ئەمین کۆمەڵگەی مەدەنی
28- ئارام جەمال کۆمەڵگەی مەدەنی
29- فەلاح مراد حەمەخان کۆمەڵگەی مەدەنی
30- سیروان حسێن ڕۆژنامەنوس
31- ڕابەر تەلعەت کۆمەڵگەی مەدەنی
32- دەرون عەبدولکەریم پارێزەر
33- تاریق فاتیح ڕۆژنامەنوس
34- خەبات عەبدوڵا چاودێری سیاسی
35- سەنگەر سابیر خوێندکاری زانکۆ
36- یەحیا بەرزنجی ڕۆژنامەنوس
37- حاکم شێخ لەتیف دادوەر
38- زانا ڕەئوف ئەندامی پەرلەمان
39- هوشیار عەبدوڵا ڕۆژنامەنوس
40- ئارا ئیبراهیم ڕۆژنامەنوس
41- هانا ڕەئوف ڕۆژنامەنوس
42- زانکۆ ئەحمەد ڕۆژنامەنوس
43- بریار نامیق ڕۆژنامەنوس
44- هەردی ئەحمەد ڕۆژنامەنوس
45- خالید سلێمان ڕۆژنامەنوس
46- ئیبراهیم عەلی ڕۆژنامەنوس
47- زانیار محەمەد ڕۆژنامەنوس
48- محسین ئەدیب ڕۆژنامەنوس
49- کەمال غەریب ڕۆژنامەنوس
50- نامۆ شەریف کۆمەڵگەی مەدەنی
51- سمکۆ جەباری چاودێری سیاسی
52- ئاوات عەلی ڕۆژنامەنوس
53- ئارام محەمەد ڕۆژنامەنوس
54- سیروان غەریب ڕۆژنامەنوس
55- محەمەد سالار (پاشا) ڕۆژنامەنوس
56- ئازاد بەرزنجی نوسەر
57- ئارام عەلی ڕۆژنامەنوس
58- کامیل عومەر ڕۆژنامەنوس
59- محێدین کەریم ڕۆشنبیر
60- هۆرین غەریب هونەرمەند
61- شۆڕش جوانرۆیی ڕۆشنبیر
62- جوانرۆ عومەر عارف هونەرمەند
63- شیروان فاتیح هونەرمەند
64-خەسرەو سایە کەسایەتی سیاسی
65-زمناکۆ عەزیز ڕۆژنامەنوس
66-عماد الخفاجي بغداد
67-زياد العجيلي بغداد
68-عماد العبادي بغداد
69-يوسف التميمي بغداد
70-سرمد الطائي بغداد
71-حازم الشرع بغداد
72-هادي جلو مرعي بغداد
73-بشار المنلاوي بغداد
74-د. حسن كامل بغداد
75-صابرين الساعدي بغداد

# کوردۆساید دۆسیەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە لایەن تورکیاوە ڕەوانەی دادگەی نێو دەوڵەتی دەکات

چاودێری کوردۆساید لە نامەیەکدادۆسیەیەکی تایبەتی لەسەر بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی لە لایەن تورکیاوە ئامادە کرد و پێشکەشی دادگەی تاوانی نێودەوڵەتی کرد. هەر لەو داواکارییەکەدا کوردۆساید ۆچ ئامادەیی بۆ هاوکاری کردنی دادگە لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەو گەیشتن بە زانیاری وردتر لەسەر ئەو دۆسیەیە، دەربڕی.

ڕۆژی 14-9 -2010 چاودێری کوردۆساید بە فەرمی فیلم و وێنەکانی تاوانەکەی پێشکەش بە دادگە کرد و لە دانیشتنێکدا کە زیاتر لە 1 کاتژمێری خایاند، بە وردی لە سەر بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی لە لایەن تورکیا دژ بە گەریلاکان لە ململانێ چەکداری دا وتوویژ کرا.

هەرچەندە تورکیا یەکێک لە واژۆکەرانی پەیماننامەی ڕۆما نییە و پەیوەست نییە بە دادگاوە، لێ گەیاندنی ئەم زانیاریانە و گەیشتنی ڕاستەوخۆ بە دادگە، کە لە بەڵگەنامەکانەوە ئاشکرایە کە تورکیابە بەکار هێنانی چەکی قەدەغە کراو، تاوانی جەنگی ئەنجامداوە، دۆسیەی تایبەت بە تورکیا دەکرێتەوە. بەشێمانەی زۆرەوە ئاکامی لێکۆڵینەوەکە بە قازانجی بەرژەوەندی دۆزی ڕەوای کوردستان دەشکێتەوە.

# گیراوێکی کورد لە زیندانی سوریادا گیان لەدەست دەدات

بەگوێرەی زانیاریەکان ڕۆژی 28ی ئاب گیراوێکی کورد بە ناوی ڕیاز ئەحمەد خەلیل لە زیندانی شاری حەلەب گیانی لەدەست داوە.

بەگوێرەی زانیاریەکان ڕیاز ئەحمەد لە زیندانی دەزگەی ئاسایشی سوریا لە حەلەب ڕاگیرابوو، بەڵام ڕۆژی 28ی ئاب ئاگاداری بنەماڵەکەی کرایەوە کە بچن تەرمەکەی وەربگرنەوە، هۆکاری مردنەکەشی ئاشکرا نەکراوە، نازاندرێ خۆی مردوە یان لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی سپاردوە.

بەگوێرەی زانیاریەکان، ڕیاز ئەحمەد خەلیل لە دایکبووی 1968، ڕۆژی چواری مانگی تەمموزی ئەمساڵ لەگەڵ کوڕێکی خۆی بە ناوی دەمهات لەلایەن ئاسایشی سوریاوە دەستگیر کرابوون و لە زیندان ڕاگیرابوون. هۆکاری گرتنەکەشیان بۆ کێشەی زیندانی کردنی ئەحمەد ڕیاز ئەحمەد، واتە کوڕی ڕیاز ئەحمەد خەلیل دەگەڕێتەوە کە پێشتر لەلایەن ئاسایشی سوریاوە بەتۆمەتی هاوکاری کردنی هێزە کوردستانیەکانی نەیاری حکومەتی دیمەشق دەستگیرکرابوو.

جێی ئاماژەیە کە ئەحمەد ڕیاز ئەحمەد یەکێک لە گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو، ئارەزوومەندانە گەڕابۆوە سوریاو خۆی ڕادەستی حکومەت کردبوو، بەڵام بێسەروشوێن کرابوو، نەشدەزاندرا لە کوێ زیندانی کراوە، کەچی دوای مردنی ڕیازی باوکی ئازادکرا.